# بۆ یادی كیمیا بارانی هەڵەبجە، لە یادی سوتاندنی مۆنومینتی هەڵەبجەدا *

**شەماڵ علی**
shemalali@yahoo.com

هەڵەبجە برینیكی سارێژنەبووی ویژدانی ئینسانیمانە. هەڵەبجە ناونیشانی تاوانێكە كە هێشتا كۆتایی نەهاتووە. زەجرێك كە لە هەڵەبجە بینیمانو هێشتاش دەیبینین، گەلێك گەورەترە لە ژمارەی قوربانیانیو لە دووایین هەناسە پڕ ئازارەكانی هەزارەها منالٚو پیرو ژنو پیاوی ئەو شارە. هەڵەبجە ڕاگەیاندنێكی درندانەی حوكمی بێنرخ كردنی ئینسان بوو. ڕاگەیاندنێك كە بە بێ دەنگی هاتە گۆ. ئەوەی كە ئەم تاوانە لە كۆتایی سەدەی بیستەمدا ڕووی داو هەروا سادەو بەبەرچاوی جیهانەوە خەڵكی شارێك قەتڵوعام كرانو هیچ دەنگێك لە هیچ دامودەزگایەكی ڕەسمیەوە، لەم دنیا جەنجاڵە بە هاتوهاواری دیموكراسیەتو مافی مرۆڤ لە بەرامبەریدا بەرز نەبووەوە زۆر كوشندە ترو مەترسیدار تربوو لە مەرگی قوربانیانی هەڵەبجە.

هەڵەن ئەوانەی پێیان وایە تاوانی هەڵەبجە بە تەنها زادەی عەقڵی بە حەق نەخۆشو بەخوێن تینووی ڕژێمی سەركوتگەری بەعسو مەنهەجی فاشیستانەی بەعس بوو. جیاكردنەوەی بەعس لە هەموو ئەو كایەیەی ئەم ڕژێمە تیایدا دەركەوتو دەستی داری گرتو توانای تاوانكاری پەیدا كردو بە تەنها دانانی لە قەفەسی تاوانكاریدا، دەستنیشانكردنی تاوانبارێك بۆ شاردنەوەی هی ترە. هەڵەن ئەوانەی پێیان وایە كە لە پشت ئەو پیلانی بێ دەنگیەوە تەنها قازانجو بەرژەوەندی سەرمایەداریی دنیا وەستابوو. ئاماژەكردن بۆ بەرژەوەندیە ئابووریو سیاسیەكانی غەربو ئەمریكاو دەست تێكەڵییان لەگەڵ ڕژێمی بەعسدا تەنها نیوەی ڕاستیەكانی پشت بێهەڵوێستی دنیا لە بەرامبەر تاوانی هەڵەبجەدا دەستنیشان دەكات. باكگراوندی تاوانی هەڵەبجە باڵادەستی ئایدۆلۆجیایەكە كە هەمیشە ئامادەیە بۆ زەمینەسازی تاوانی ترو خوڵقاندنی هەڵەبجەی ترو تەبریر كردنی.

هەڵەبجە قوربانیی ناسیۆنالیزم بوو. هەڵەبجە سەربڕاوی دەستی جەللادێكە كە ناوی بەرژەوەندی نەتەوەو پیرۆزی خاكە. هەڵەبجە بەرهەمی دنیایەیەكە كە بە چاوێلكەی ناسیۆنالیزمەوە دەڕوانێو بە ناونیشانی جۆربەجۆر ئەم بەرژەوەندیانە لە ئینسان بە نرخ ترو باڵا تر سەیر دەكات. لەو دیو سرووده نیشتیمانیەكانەوە، لەو دیو پیاهەڵگوتن بە نیشتیمانو نەتەوەی خۆ، لە پشت ئەوەی ناوی دەنرێت ئاسایشی نەتەوەیی، سنووری پیرۆزی وواڵت، خاكی پڕ گەوهەری نیشتیمان دێوێكی هەڵەبجەو هیرۆشیما خوڵقێن هەمیشە ئامادەو دەست بە چەك وەستاوە.

هەڵەبجەو هاوشێوەكانی بەر لە ساتو كاتی قەسابی كردن كوژراون. نەتەوەپەرستی لەسەر بنەمای وەلانانی چەمكی ئینسانو ژێرپێنانی پیرۆزی ئینسان دامەزراوە. ئەوەی كە خنكاندنی هەزارەها ئینسان ئەنجامدەدرێتو تاوانكاران (مەگەر كێشەی تریان لەگەڵ هێزە باڵادەستەكانی دنیا بۆ درووست بێت دەنا) هێشتا وەك دەوڵەتو نوێنەری قوربانیانی ژێر دەستیان لە لایەن دنیاوە قبووڵ دەكرین نیشانەی ڕەسمی بوونی فەرهەنگی ئینسانكوژی ناسیۆنالیزمە لە دنیای ئێمەدا. نیشانەی ئەوەیە كە لە نێو چوارچێوەی بە ڕەسمی ناسینی دەسەڵاتو دەوڵەتەكان جێگای ئەم تاوانكارانە لە سەرەتاوە دانراوە. ئەوەی كە قەتڵوعامكردنی ئینسانەكان بەم درندەییە نابێتە جێگای نارەزایەتیەكی بەرینو فراوان لەسەرتاسەری جیهانو لە ناوچەكە، نیشانەی ئەو كاریگەریە گەورەیەیە كە ناسیۆنالیزم لەسەر زەینو بیركردنەوەو ناخی ئینسانەكان دایناوە. ئەگەر ئاین ئەفیونی گەلانە، ناسیۆنالیزم ژەهرێكی بێهۆشكەری ئینسانكوژە.

لە ئارامترین دەورانەكانی ژیانی سەرمایەداری، تەنها لە 1945وە تاكو 1975 ئامارە ڕەسمیەكان قوربانیانی جەنگە قەومیەكان كە بە دەستی نەتەوەپەرستەكان هەڵگیرساوە بە 10 ملیۆن دەخەمڵێنن. لە سەد ساڵی ڕابردوودا لەهەر تاوانیكی گەورەی دژی ئینسانیدا ئەم ئایدۆلۆژیایە ئامادەیە. لە پێكهاتی هەر تاوانكاریكی دژی ئینسانْدا بوونی هەیە. ناسیۆنالیزم تێكەڵ بە كۆنسێرڤاتیزم دەبێت هیتلەری لێ دیتە دەر، بەرگی كۆمۆنیزم لەبەر دەكات ستالینی لێ دروست دەبێت، لەگەڵ لیبرالیزمی نوێ جووت دەبێت بۆش بەرهەم دێنێت. لە ناو ئەنتی كۆلۆنیالیزمدا جۆرەها سەددام حسینو ماوتسیتۆنگو عەبدولناسر پیشكەش بە

دنیا دەکات. ئەم جووڵانەوەو ئایدۆلۆژیاو سیاسەتو هێزە ماشینێکی کوشتارەو وەستانی نییە، لەسەرتاسەری دنیا دەرواو بەشەریەت دەهاڕێو خەرمانی لاشەو بەها ئینسانیە بێگیانەکان دەخاتەوە.

ناسیۆنالیزم هەرگیز قوربانیەکانیشی لە دوای خۆیەوە جێناهێڵێت. هەمیشە قوربانی جەنگە ناسیۆنالیستیەکان کەرەسەی کارن بۆ نەتەوەپەرستی، ناسیۆنالیزم چەند تاوان بەرپا دەکات هێندە زیاتر دەستمایەی تاوانکاریی، هێزی کوشتارو تیکدانی زیاتر پەیدا دەکات. تاوانکاریی نەتەوەپەرستی سەرکەوتووترو لەبەرچاوی خەڵکی موتەوەهم بە ناسیۆنالیزم پەسەند تری دەکات. قوربانی دەستی ناسیۆنالیزمی ڕەقیب لۆتۆیەو بۆ ناسیۆنالیزمی بەرامبەر دەردەچێت. ژێرپێنانی ئینسانیەتی گروپێک لە ئینسانەکان بە دەستی نەتەوەپەرستانێک لە گروپێکی تر خیروبەرەکەتەو بەسەر ناسیۆنالیزمی گروپی قوربانیدا دەبارێت، سەیری هەڵەبجە کەن!

کوردایەتی تەنانەت لە نێو جووڵانەوە ناسیۆنالیستیەکانیشدا یەکێک لە کۆنەپەرسترینیانە، هەموو ئەم بوونەوەرە بگوشە قەترەیەک پێشکەوتنخوازی لێ ناچۆڕێت. نەک دەسەڵات بەڵکو تەنها وەلانانو بیربردنەوە شایانی کوردایەتیە. باڵا دەستی ئەم ڕەوتە لە کوردستان زادەی ستەمێکی بەردەوامو سیستماتیکی قەومیە لە بەرامبەر خەڵکی کوردستان، سەیر کەن هەڵەبجەو ئەنفالو ئاوارەیی ملیۆنیو مەترسی جارێکی تر دووبارە بوونەوەیان چ بەرەکەتێکەو چۆن ئەم جووڵانەوەیەی بە گۆرانیبێژو شاعیرو نووسەرو سیاسەتمەدارو حزبەوە خەنی کردووە. بزانن ئەم کارەساتانە بوونەتە چ بیرە نەوتی ووشک نەکردوو و سەرچاوەی چ ئیعتیبارو سەروەتو دەسەڵاتێکی ناموستەحەقن بۆ کوردایەتی. هەڵەبجە بۆ ناسیۆنالیزم کاڵایەکی پڕ قازانجە، ببینن چۆن شانزە ساڵە چ بە مانا سیاسیەکەی یان تەنانەت بە مانا پووڵیەکەشی ڕەزیلانەترینو لە هەمان کاتدا پڕقازانجترین بازرگانی بەم تراجیدیا ئینسانیە تاڵەوە دەکرێت.

ساڵی رابردوو هەڵەبجە یەکەمین هەنگاوی بەرەو ڕەتکردنەوەی ئەم بازرگانیە ڕەزیلانەیە هەڵگرت. کاتێک کارەساتی هەڵەبجە تەمەنی دەبێتە هەژدە ساڵ هەڵەبجە لە جێگایەک یاخی دەبێت کە بۆی دانراوە. لە بەرگیک دیتە دەر کە بە باڵای دابڕاوە، هەڵەبجە نیشانی دەدات کە زیندووەو ئەو وینەیە دەدڕێ کە دانیشتوانی تەنها وەک کۆمەڵێک قوربانی فاشیزمی بەعس نیشان دەدات. هەڵەبجە هەم قوربانی دوێنێیەو هەم هی ئەمڕۆ، هەم خنکاوی دەستی بەعسەو هەم چەپێنراوو فەرامۆشکراوی دەستی کوردایەتی، هەڵەبجە قوربانی دەستی ناسیۆنالیزمە، ئەمە بوو پەیامی ڕووداوەکانی ساڵی پار. کردەی سووتاندن جا هی هەر شتیک کردەیەکی پەسەند نییە. بەڵام سووتاندنی مۆنومینتی هەڵەبجە مانایەکی ڕەمزی زۆر گەورەی هەبوو کە پەسەند یان ناپەسەند دەبێت خوێندنەوەیەکی دروستی بۆ بکرێت.

سووتاندنی مۆنومینتی هەڵەبجە ڕاگەیاندنی پچڕانی پردی نێوان کوردایەتیو خەڵک بوو. ڕاگەیاندنی ئەوە بوو کە ئەم جووڵانەوەیە چی تر ناتوانێت ئیدیعای نوێنەرایەتی خەڵک بکات. دوکەڵی ئەم سووتاندنە زۆر ناسیۆنالیستی لە ناو دەسەڵاتو دەرەوەی دەسەڵات ئەبڵەق کرد، گەلێکیان کەوتنە دۆزینەوەو داتاشینی دوژمنو گوایە تیرۆریستان دەستیان لەم کردەوەیەدا هەبووە. بەڵام لە خۆیان نەپرسیو ئەم پرسیارە بیردەبەنەوە کە سوتانی مۆنۆمێنتەکە هەر هۆیەکی بووبێت، بۆ کەس نەبوو بیکوژێنیتەوە؟ ڕاستیەکەی ئەوەیە کە مۆنومینت دەمێک ساڵ بوو لە ویژدانی خەڵکی هەڵەبجەدا سووتابوو بۆیە کردەی سووتانی بەو جۆرە ئەنجام دراو مۆنومینت بەو جۆرە بێ خاوەن بوو.

مۆنومینت جێپەنجەی ئەگەر نەڵێین تاقانە جێپەنجەی دەسەڵاتی کوردایەتی بوو لەم شارەدا، نیشانەی خۆبەخاوەنکردنی کوردایەتی بوو بۆ تراجیدیای ئەم شارە. بە هەمان شیوەش سووتاندنی ڕاگەیاندنی ڕەتکردنەوەی ئەم خاوەندارێتیە بوو. ئەوەی ئەم ڕەتکردنەوەیەی بەرهەمهێنا تەنها بێدەربەستیو پشتگوێخستنی خواستەکانی خەڵکی خودی هەڵەبجە خۆی نییە. بەرهەمی تاقیکردنەوەی دەیەو نیوێکی خەڵکە لەگەڵ دەسەڵاتی کوردایەتی‌دا.

دەسەڵاتی کوردایەتی لە شانزە ساڵی ڕابردوو بە مانای برسێتیو هەژاریو ئاوەرەیی خەڵک، بێمافیو ژێرچەپۆکەیی، ژنکوژیو عەشیرەتگەری، جەنگی ناوخۆو ئەسیر کوشتن، ژێرپێنانی ئازادی سیاسیو سەرکوتکردنی ئۆپۆزیسیۆن، جەردەییو ڕاوورووتو گیرفانپڕکردن لەسەر حیسابی نەداریی خەڵک، دەست تێکەڵکردن لەگەڵ کۆنەپەرستانەترین دەوڵەتو هێز لە عیراقو ناوچەکەو

جیهان، پشتکردن له خواستی سەربەخۆیی کوردستان‌و بەشداری کردن له هەوڵی خستنەوە سەریەکی دەسەڵاتێکی قەومی‌و ئیسلامی له عیراقدا بووە.

له ماوەی دەسەڵاتیدا، کوردایەتی دووایین گەڵا هەنجیری لێ داکەوت. ماهیەتی ڕاستەقینەو کرۆکی بۆ خەڵک ئاشکرابوو. هەموو خەڵک بینی کە چۆن جووڵانەوەی نەتەوەیی، بەرژەوەندی نەتەوەیی، سیمبولەکانی نەتەوە هەموو درۆی شاخدارو فیڵی هەرزانن. ئاشکرا بوو کە کوردایەتی نەک جووڵانەوەی گێڕانەوەی دەسەڵات بۆ خەڵک، نەک جووڵانەوەی "نەتەوەیی" بۆ ڕزگارکردنی "نەتەوە" بەڵکو بزووتنەوەی چینی سەرمایەداری کوردستان‌و "خەبات" بۆ دەسەڵات مسۆگەر کردن بۆ چەند سەد سەرمایەداری دۆستی تاڵەبانی‌و بارزانیە.

یادی هەڵەبجە چ وەک کارەسات‌و چ وەک ڕاگەیاندنی سەرەتایەکی دابڕانی خەڵک له کوردایەتی، بانگەوازە بۆ بەرەنگار بوونەوەی ناسیۆنالیزم‌و وەلانانی. له کوردستان نەک تەنها بەدیهێنانی ئازادی‌و یەکسانی‌و خۆشگوزەرانی، بەڵکو تەنانەت وەدیهێنانی خواستی خەڵک بۆ پێکهینانی دەوڵەت‌و دامودەزگای مەدەنی دەسەڵات لەگەڵ ئەم بەرەنگاری‌و خەباتەدا هەڵپیکراوە. ئەمە بابەتی وتاری ئاینده دەبێت.

16-03-2007

---

*پوزشێک بۆ خوێنەرانی ئۆکتۆبەر

**ئەم وتارە له کاتی خۆیدا بۆ بڵاوبوونەوە له بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر ئامادە کرابوو، بەڵام بە هۆی کێشەیەکی تەکنیکیەوە نەکرا بڵاوبێتەوە. خوێنەران ئاگادار دەکەم کە بابەتەکانی گۆشەی (سەبارەت بە خواستی سەربەخۆیی کوردستان) وەک بەڵێندراوە بەردەوام دەبێت.**